بنەڕەتی کێشێکی عەرووزی و کێشی دوو هۆنراوە

ئەحمەد هەردی

(١)

بنەڕەتی کێشێکی عەرووزی

مامۆستا «عبدالرزاق بیمار» لە گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»دا وتارێکی نووسیبوو دەربارەی : «سێ کێشی عەرووزی. لە هەڵبەستی کوردی‌دا»[1] کە لە کێشی «موضاریع»و «موتەقارەب»[2] و «خەفیف» دوابوو . جا لەبەر ئەوەی منیش ماوەیەکە خۆم بە ساغ‌کردنەوەی کێشە عەرووزی‌یەکانی شیعری کوردی‌یەوە ، خەریك کردووە ، بە پێویستی ئەزانم لەم سوچەوە سەیرێکی وتارەکەی بکەم . ئومێدم وایە ، بە سنگێکی فراوانەوە ، بیخوێنێتەوە .

لە سەرەتاوە مامۆستا نووسیبووی کە پەیڕەوی دوو خاڵی کردووە ، یەکێکیان ئەوەیە کە لە خاڵی «٢» دا ئەڵێ : (لە زانستی عەرووزدا زاراوە گەلێکی زۆر هەیە بە پێویستی نازانم وەریان بگێڕینە سەر کوردی وەکو بەحر ، وەتەد ، سەبەب ، مقصور ، مخبون[3] . . هتد) . ئەڵێم منیش ئەم قسەیەم لاپەسەندەو وای بەڕاست ئەزانم کە لەم وتارەدا ، پەیڕەوی ئەم پێشنیارە بکەم . دووەمیشی ئەوەیە : کە منیش بۆ بڕگەی کورت ، ئەم نیشانە : (ب) ، وە بۆ بڕگەی ناوەڕاست نەك درێژ ئەم نیشانەیە : (–) دابنێم ، کە کاك (بیمار) لە خاڵی (٤)دا بە بڕگەی[4] درێژی داناوە . دوای ئەم سەرەتایە ، بابچینە ناو جەرگی باسەکەوە .

مامۆستا (بیمار) کە باسی کێشی (موضاریع) دەکا ، لە خاڵی (٣) و (٤)دا ، دوو جۆری لێ دەژمێرێ[5] . کە من بە کێشی (موضاریع) یان نازانم . بەڵام لە پێشەوە ئەمەوێ دوو خاڵ ڕوون بکەمەوە .

یەکەمیان ئەوەیە : ئەوەی کاك (بیمار) لە خاڵی (٣) و (٤)دا بە دوو کێشی ئەزانێ ، هەردووکیان یەك کێشن . تەنانەت (بیمار) خۆشی دانی بەوەدا ناوە[6] .

دووەمیش ئەوەیە : ئەمەوێ هەڵەیەك ڕاست بکەمەوە ، کە من بە هی چاپی ئەزانم . ئەویش بریتی‌یە لەوەی مامۆستا (بیمار) لە ژێر خاڵی (٤)داو لە دێری (٢)دا ، (فاعلاتن) یاخود (فعلاتن) ، بە پێی یەکەم ، واتە بە (تەفعیلە)ی یەکەم دائەنێ[7] ، کەچی لە پاش چەند دێڕێك بە (پێی دووەمی) لە قەڵەم ئەدا[8] . کە بێ‌گومان ئەمەی دووەمیان ڕاسترەو هی یەکەمیان هەڵەی چاپە چونکە تەفعیلەکان یاخود بڵێم : پێ‌یەکانی ئەم کێشە بەم جۆرەیە :

مَفاعِلُنْ	فَعِلاتُنْ	مَفاعِلُنْ	فَعِلُنْ
ب – ب	_ _ ب ب	-ب – ب	– ب ب

ئەحمەدی خانی

واتە : (فَعِلاتُنْ) تەفعیلەی دووەمە نەك یەكەم .

دوای ئەم روونكردنەوەیە . با بپرسین : ئایا راستە ئەم كێشە وەك مامۆستا (بهار) ئەڵێ : (موضاریعی هەشت تەفعیلەیی مەقبوضی مەخبونی مەحذوفە[9] ! ؟) لە وەلامدا ئەڵێم : هەرچەندە مامۆستا تەفعیلەكانی بە شێوەیەكی راست نووسیوە ، بەلام داخەكەم نە ئەم كێشە (موضاریع)ەو نە زیحافەكانی بەم جۆرەیە .

بەڵكو ئەم كێشە (موجتە سی مەخبونە = المجتث المخبون) كە تەفعیلەی چوارەمی ، تووشی (حەذف) بووە . جا با بزانین چۆن ؟ . كێشی (موجتەسی) هەشت تەفعیلەیی لە بنەرەتدا بەم جۆرەیە :

مُسْتَفْعِلُنْ	فاعِلاتُنْ	مُسْتَفْعِلُنْ	فاعِلاتُنْ[10]
— — ‿ —	— ‿ — —	— — ‿ —	— ‿ — —

لە دوایيدا دوو قۆناغی بڕیوە . یاخود بڵێم دوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە گۆڕانی یەكەمدا هەر چوار تەفعیلەكە تووشی (خەبن) بوون . واتە : (پیتی نەجووڵاوی دووەمی هەر چواریان ، فڕێ دراوە) . لەمەوە (تەفعیلەی) یەكەمو سێیەم . بوون بە : (مُتَفْعِلُنْ) (ب – ب –) . لە پاشدا (مَفاعِلُنْ) خراوەتە جێیان . هەروەها تەفعیلەی دووەمو چوارەمیش بوون بە : (فَعِلاتُنْ) ، وەكو لە خوارەوە ئەیان بینین :

مَفاعِلُنْ	فَعِلاتُنْ	مَفاعِلُنْ	فَعِلاتُنْ[11]
‿ — ‿ —	‿ ‿ — —	‿ — ‿ —	‿ ‿ — —

ئەم كێشە لەم قۆناغەدا . واتە بەم شێوەیە لای عەرووز ناسانی عەرەبو فارس هەیەو هەر بە كێشی (موجتەسی مەخبون) ناسراوە . بۆ راستی قسەكەم . دوو نموونەی عەرەبیو فارسی ئەهێنمەوە . كە هەردووكیان لە دوو سەرچاوەی (عەرووزی)یەوە ، وەرگیراون . ئەوەندە هەیە . لە عەرەبیدا ئەم كێشە چوار (تەفعیلە)ی هەیەو لە فارسیو كوردیدا هەشت تەفعیلە . بەلام گرنگ ئەوەیە كە : كێشی هەردووكیان (موجتەسسی مەخبون)ە .

١ - لە كتێبی «الاقناع»[12] ەوە :

وَلَوْ عَلِقْتَ بِسَلْمى عَلِمْتَ أن ستموتُ

كە بەم جۆرە كەرت ئەكرێ :

وَلَوْ عَلِقْ	تَبِسَلْما	عَلِمْتَأنْ	سَتَموتو
‿ — ‿ —	‿ ‿ — —	‿ — ‿ —	‿ ‿ — —
مَفاعِلُنْ	فَعِلاتُنْ	مَفاعِلُنْ	فَعِلاتُنْ

لە كتێبی (بحور الألحان)[13] ەوە . (سەعدی) ئەڵێ :

هزار جهد بكردم كە سر عشق بپوشم

نبود بر سر اتش میسرم كە نجوشم

كەرت كردنی :

هەزارجەهـ	دبكەردەم	كی سرری عیشـ	قبپووشەم
‿ — ‿ —	‿ ‿ — —	‿ — ‿ —	‿ ‿ — —
نەبودبەر	سەری ئاتەش	مویەس سەرەم	كی نەجووشم
‿ — ‿ —	‿ ‿ — —	‿ — ‿ —	‿ ‿ — —
مَفاعِلُنْ	فَعِلاتُنْ	مَفاعِلُنْ	فَعِلاتُنْ

ئەبێ لە خوێندنەوەدا . لەنگەرێك بخەیتە سەر (ڕێ)ی

(حاجی)

(هەزار) له دێری یەکەمدا ، یاخود بڵێم : (رێ)یەکه بکەی بە بڕگەیەکی کورت (ب) ، بەم جۆره :

(هه – زا – ر = مفاع) ، واته :(هه – زار جەهـ =مفاعلن)

⏑ – ⏑ ⏑ ⏑–⏑ ⏑ – ⏑ – ⏑ – ⏑ –

هەمان شت له گەڵ (داڵ)ی (نەبود) بکەی له دێری دووەمدا .

ئەگینا لەوانەیه وابزانی که (تەفعیلەکه) به (مَفاعیلنْ) ⏑ – – –

ئەکێشرێ (هەزار جەهدی = مَفاعیلنْ) ، که ئەمەیش لەم
⏑ – – – – – – ⏑

کێشەدا هەڵەیەکی ئاشکرایه . چونکه ئەصلی تەفعیلەکه (مُسْتَفْعِلنْ)ه ، که هەرگیز نابێ بە (مَفاعیلنْ)[١٤] .

هەر بەوپێیە ، لەنگەر ئەچێتە سەر (دال)ی (جەهد) و (قاف)ی (عیشق) له دێری یەکەمدا . وەکو وتم ئەم کێشه له کوردیدا ، وەکو شیعرەکەی (سەعدی) ، بریتییە له هەشت تەفعیله ، یاخود هەشت هەنگاو . ئینجا ئەمەی که باسم کرد ، گۆرانی یەکەمبوو . له دوای ئەوه ، گۆرانێکی کەی بەسەردا دێ ، یاخود بڵێم : تەفعیلەی چوارەم ، له دوای (خەبن) ، تووشی (حەذف) ئەبێ . واته : (دوا بڕگەی تەفعیلەی چوارەم ، فڕێ ئەدرێ) ، (فَعِلا) [ب ب –] ئەمێنێتەوه ، ئەمیش ئەکرێ بە (فَعِلنْ = ب ب –) . بۆیه کێشەکه بەم جۆرەی لێ دێ :

مَفاعِلنْ فَعِلاتُنْ مَفاعِلنْ فَعِلنْ

⏑ – ⏑ – ⏑ ⏑ – – ⏑ – ⏑ – ⏑ ⏑ –

بەڵام جاری واهەیه (تەفعیله)ی چوارەم ، لەباتی ئەوەی تووشی (خەبن)و (حەذف) بێ ، تووشی گۆرانێکی که ئەبێ پێی ئەڵێن : (بەتر)[١٦] که بریتییە له (حەذف)و (قەطع) .

(حەذف – فاعِلاتُنْ – فڕێدانی بڕگەی دوایییەکه بریتییە له – تن – هەتا ئەبێ بە – فاعِلا –) . (قەطع – یش ئەوەیه «ئەلێ – عِلا» فڕێ دەیت ، ئینجا «لامە»کەی نەبزێو «ساکن» کەی ، هەتا ئەبێ بە «فاعِل» « – – » ئینجا «فِعْلنْ» بخەیتە جێی) .

جاری واش هەیه (تەفعیله)ی چوارەم ، دوای (خەبن) تووشی (قەصر) ئەبێ تا ئەبێ بە (فَعِلانْ = ب ب – /ه) ، یاخود له دوای (بەتر) ، تووشی (إسباغ) ئەبێ ، هەتا ئەبێ بە (فعْلانْ) (– – / ه) . که پێویست ناکا ئەوه زیاتر لەسەری بڕۆم .

ئەمەیه بە کورتی (زیحاف)و بەسەرهاتی (تەفعیله)کانی ئەم کێشەکه بە ئاشکرا دیاره لقێکه له کێشکەکەی پێشوو ، وه لەو جیابووەتەوه . واته : جۆرێکه له جۆرەکانی (موجتەسسی مەخبون) . هەرچەنده ئەم کێشه بەم شێوەیەی دوایی واته :

مَفاعِلنْ فَعِلاتُنْ مَفاعِلنْ فِعْلنْ

⏑ – ⏑ – ⏑ ⏑ – – ⏑ – ⏑ – – –

یان : (فعلن) ، له سەرچاوه عەرووزییەکانی شیعری

عەرەبدا نی‌یە ، بەلاّم لە شیعری کوردیو فارسی‌دا هەیەو عەرووز ناسانی وەکو : (شەمسەددینی رازی)[١٧] و (وەحیدی تەبریزی)[١٨] و (د. خانلەری)[١٩] ، باسی ئەم کێشەیان کردووەو بە لقێکی (موجتەسسی مەخبون)یان لە قەڵەم داوە . وە ئەگەر لە درێژبوونەوە نەترسامایە ، لە هەریەکەیان ، نموونەیەکم پێش‌کەش دەکردن .

دوای ئەم بەلّگانە ، ئەبێ ئەوە بزانین ، کە زۆربەی عەرووز ناسان – تاکو تەرایەکی لێ دەرچێ – لەسەر ئەوەن کە (فاعلاتن) لە کێشی (موضاریع)دا ، بەم جۆرە دەنووسرێ : (فاع‌لاتن)[٢٠] . واتە (خەبن)ی تووش نابێ . چونکە (فاع) وەتەدەو زیحاف نایگرێتەوە . هەرچەندە قسەی ئەو تاکو تەرایە ڕاست تریش‌بێ‌و (فاعلاتن) بەسە بە بێش دەست پێ‌بکا ، گرنگ ئەوەیە بڵێین : ئەم تەفعیلەیە لە (موضاریع)دا (خەبن)ی تووش نابێ .

وەوای دابنێین کە ئەمە لە یاسا دەرچوونێکە لەم کێشەدا (شذوذ عن القاعدة) . چونکە بەم جۆرە ئەتوانین لە گەڵێك سەریەشە ڕزگارمان‌بێ . ئەگینا یەکێك لەو سنوورانە ئەروخێنین کە ئەم کێشە لە کێشی (موجتەسسی مەخبون) ، جیا ئەکاتەوە ، وەکو لەمەودوا ئەیبینین .

لەمەو پێشتر وتبووم : هەرچەندە مامۆستا (بهار) تەفعیلەکانی بە شێوەیەکی ڕاست نووسیوە ، بەلاّم ناوی کێشەکەو (زیحاف)ەکانی نەپێکاوە . جالێرەدا لەوانەیە یەکێك بپرسی‌و بڵێ : کەسێك تەفعیلەکانی کێشێك بزانێ ، چۆن ناوی کێشەکەی نازانێ ؟ ! . . وەیان بڵێ : بۆچی هەر کێشێك تەفعیلەی جیاوازی خۆی نی‌یە ؟ . لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا ، زۆر بە کورتی ئەڵێم : کێشەکان گەڵێکیان سنووری نێوانیان تەسکەو جاری واهەیە بە هۆی (زیحاف)ەوە ، زۆر لە یەك نزیك ئەبنەوە . وەکو ئەم دوو کێشەی ئێستامان . واتە کێشی (موضاریع)و کێشی (موجتەسسی مەخبون) . بۆ نموونە باسەیرێکی هەر دووکیان بکەین : (موضاریع) کە تەفعیلەی یەکەم‌و سێ‌یەمی (مەقبوض)بێ ، بەلاّم وەکو (خەلیل) ئەڵێ (فاع‌لاتن) (سالم)بێ ، واتە تووشی (خەبن) نەبێ ، بەم جۆرەیە :

١ – موضاریع پێش (خەبن) :

مَفاعِلُنْ فاعِلاتُنْ مَفاعِلُنْ فاعِلاتُنْ

ᴗ—ᴗ— —ᴗ—— ᴗ—ᴗ— —ᴗ——

(موجتەسیسش) کە هەر چوار تەفعیلەکەی (مەخبون) بێ ، بەم جۆرەیە :

٢ – موجتەسی مەخبون :

مَفاعِلُنْ فَعِلاتُنْ مَفاعِلُنْ فَعِلاتُنْ

ᴗ—ᴗ— ᴗᴗ—— ᴗ—ᴗ— ᴗᴗ——

وەکو ئەیان بینی زۆر لە یەکەوە نزیکن . بەلاّم لەوانەیە گوێ‌یەکی ئاهەنگ ناس ، لێکیان جیا بکاتەوە ، بە هۆی ئەوەوە کە (فاعلاتن)ی کێشی یەکەم (سالم)ەو هی کێشی دووەم مەخبونە : (فعلاتن) . بەلاّم ئەگەر بە قسەی کاك (بهار) بکەین‌و (فاعلاتن)ی کێشی (موضاریع)یش ، بکەین بە (فعلاتن) ئەوا کێشی یەکەمیش بەم جۆرەی لێ‌دێ :

٣ – موضاریع دوای (خەبن) :

مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلاتن

ᴗ—ᴗ— ᴗᴗ—— ᴗ—ᴗ— ᴗᴗ——

لە گەڵ کێشی دووەمدا ، واتە (موجتەسسی مەخبون) هیچ جیاوازی‌یەکی نی‌یە ! ! . بۆیە ئەگەر هاتوو دێرە شیعرێکت کێشاو بینیت تەفعیلەکانی (مفاعلن فعلاتن)بوو ، شتێکی سەیر نی‌یە ، کە نەزانی (موجتەسسە) یان (موضاریع)ە ! ! .

بە هەرحاڵ ، بۆ ئەوەی نەکەوینە باسی لابەلاوە ، لەوە زیاتر لەسەری ناڕۆم . بەم بۆنەیەوە ئەڵێم دیاردەیەکی تریش هەیە ، کە پەیوەندی بە تەفعیلەکانی عەرووزەوە هەیە . ئەویش ئەوەیە : کە ئەم تەفعیلانە گەڵێك جار ، پیاو بە هەڵەدا[٢١] ئەبەن‌و وای لێ‌ئەکەن «کێشێك بە تەفعیلەی کێشێکی کە بکێشێ»[٢٢] . من بەش بە حاڵی خۆم ، مامۆستایەکی گەورەی



!عەرووزم دیوە ، کێشێکی بە تەفعیلەی کێشێکی کە کێشاوە ! ! ، کە باس کردنی هەڵ ئەگرم بۆ شوێنی تایبەتی خۆی .

لە دوای ئەمانە ، ئەمەوێ گلەییەك لە مامۆستا (بہار) بکەم . مامۆستا لە سەرەتای باسەکەی‌دا لە کێشی (موضاریعی «مەکفوفی» ئەحزەبی مەحذوف)[23] ئەدوێ کە من لە ساڵی (١٩٧١)دا ، لە گۆڤاری (برایەتی)دا برێك لێ‌ی دوابووم[24] . هەرچەندە خواڵێخۆش‌بوو (شێخ نوری)ی شاعیر ، پتر لە نیوە سەدەیەك لەمەوبەر ، تەفعیلەکانی ئەم کێشەی لە (ژیان)[25] دا نوسیبوو ، بێ ئەوەی ناوی کێشەکە بێنێ ، یاخود (زیحاف)ەکانی شی بکاتەوە . بەڵام وەکو من بیزانم من یەکەم کەس‌بووم .

بە زمانی کوردی ناوی کێشەکەم هێناوەو زیحافەکانیم بە کورتی شی‌کردۆتەوە ، کە ئەبوو مامۆستا (بہار) هێمایەکی بۆ بکردایە ، وەکو من لە وتارەکەمدا ، باسی (شێخ نوری)م کردبوو .

لە کۆتایی ئەم بەشدا پێویستە هەروا بە سەرپێوە بڵێم : ئەو بەیتەی مەلای (کۆیە) کە مامۆستا (بہار) لە کۆتایی کێشی (خەفیف)دا هێمای بۆ ئەکا :

شۆرەژن من لە هەوەڵ پێم نەگوتی
ئاخری حەزرەتی شێخ . . . هتد[26]

وە وای پیشان ئەدا کە گوایا (مفاعلن)ی تیادا بووە بە(مفاعیلن) . ئەڵێم ئەو بەیتە چ پەیوەندی‌یەکی بە کێشی (خەفیف)ەوە نی‌یە . بەڵکو تێکرای هەڵبەستەکە لە سەر کێشی (رەمەل)ی شەش تەفعیلەیی‌یە کە هەندێ لە تەفعیلەکانی (مەخبون)و تەفعیلەی دوایی (هەردوو دێرەکە (مەخبون)و (مەحذوف)ە : (فعلن) .

وە خوێندنەوەیەکی شاعیرانە . (وەکو خۆی دەڵێ) دەری ئەخاکە (مفاعیلن) لە بەیتی ناو براودا نی‌یە . کە داخەکەم لەوە زیاتر ناتوانم لەسەری برۆم .

لە کۆتایدا ئەڵێم : سەرەرای ئەم هەڵانەش . مامۆستا (بہار) تێکرا کێشی (موتەقارەب)و (خەفیف)ی تا رادەیەکی باش شی کردۆتەوە . هەر وەکو لە سەرەتاشەوە دوو کێشی (موضاریع)ی زۆر باش راڤە کردووە .

جگە لەوەی لە هەردوو وتارەکەی (بەیان)[27]و (رۆشنبیری)دا ، گەلێك بیرو راو بۆچوونو گەیشتنە ئەنجامی راستو دروستی دەربارەی عەرووزو عەرووزی شیعری کوردی ، پیشان داوە ، کە داخەکەم نەم توانی هێمایان بۆ بکەم ، یاخود بڵێم : درێژبوونەوەی باسەکە مەودای ئەوەی نەدام . ئومێدم وایە لەدەرفەتێکی کەدا . بگەرێمەوە سەریان .

(کێشی دوو هۆنراوە

بە بۆنەی ئەوەوە کە زۆربەی قسەکانم . دەربارەی کێشی (موجتەسسی مەخبونی مەحذوف)بوو ، لە جێی خۆیایەتی کە بڵێم (کاکەی فەللاح) لە کتێبی (کاروان)دا باسی دوو هۆنراوە ئەکاو وای دەرئەخا کە گوایا کێشەکانیان تازەن ، یاخود لەو سەردەمەدا «گوێ بەو جۆرە کێشانە رانەهاتووە . . .» . لە کاتێکدا کە هەردووکیان ، لەسەر هەمان کێشی «موجتەسسی مەخبونی مەحذوفن) .جا ئەم بەشەی وتارەکەم بریتی‌یە لەراست کردنەوەی ئەم هەڵەیە .

بەڵام لە پێش ئەوەدا دەرگای ئەم باسە بخەمە سەر پشت . پێویستە بڵێم : ئەمەی من لێرەدا ئەینوسم ، لە گەڵ قسەی مامۆستا (گۆران) خۆی‌دا ، یەك ئەگرێتەوە ، کە ئەڵێ (لەو

ماوەیەدا کێش هەر عەروزووبووە)[٢٨] . کە مەبەستی لەو ماوەیە ئەو سەر دەمەیە کە شیعری ناوبراوی تیادا وتووە .

واتە سەردەمی دەستەی «شێخ نووری» کە – گۆران – خۆی یەکێك‌بوو لەوان . لە بەر ئەوە ، ئەمەی لێرەدا ئەینووسم تەنیا بۆ ڕاست‌کردنەوەی هەڵەیەکی (کاکەی فەللاح)ە ، نەك ڕەخنە گرتن لە خوالێخۆش‌بووان (شێخ نووری)و (گۆران) .

دوای ئەم سەرەتایە ، بابچینە ناو جەرگەی باسەکەوە . (کاکەی فەللاح) لە کتێبی (کاروان)دا . لە پاش ئەوەی بە درێژی باسی دەستەی (شێخ نووری)و هاوڕێکانی ئەکا[٢٩] . ئەمجا دێتە سەر باسی شیعری «جلوەی شانۆ»ی (گۆران)و «ژیانی ئادەمزاد»ی (شێخ نووری)و ، بە چاکترین نموونە نوێ کردنەوەیان دائەنێ ، لە ڕووی (وێنەو وەصف‌و شێوازو دەربڕین‌و هەست‌و . . .)[٣٠])ەوە ، کە بێ‌گومان ئەم قسانە هەموویان بە بێ چەندو چوون ڕاستن . بەڵام ئەوەی کە سەرنج ڕائەکێشێ ئەوەیە : کە دوای ئەم دوو شیعرە ئەڵێ : (پێش ئەم هەنگاوە گوێ بەم چەشنە مۆسیقاو کێشانە ڕانەهاتبوو . .)[٣١] ! ! . واتە : بە پێی ئەم قسەیە ، ئەبێ ئەو کێشانە تازەبن ، چونکە کە وتمان گوێ بە فلان کێش ڕانەهاتووە ، مەعنای ئەوەیە ، یان هەرگیز نەبیستراوە ، یان تازە بەرگوێ کەوتووە . واتە گوێ ڕاهاتن بە کێشێك لەوەوە پەیدا ئەبێ کە زۆر بەرگوێ بکەوێ .

لەم ڕووەوە (د . ئیبراهیم ئەنیس)[٣٢] ئەڵێ : «خۆش بەر گوێ کەوتنی کێشەکان ، خوو پێوە گرتنە کە لە زۆر بیستنەوە پەیدا ئەبێ» . جا لەبەر ئەمە کە (کاکەی فەللاح) ئەڵێ : (گوێ بەم کێشانە ڕانەهاتبوو . . !) ، مەعنای ئەوەیە : ئەم کێشانە بەر گوێ نەکەوتوون‌و تازەن ، لە کاتێك‌دا هەردووکیان لە سەر هەمان کێشی (موجتەسسی مەخبونی مەحذوفن) ، کە نەك تەنیا شاعیرانی وەکو (نالی)و (حاجی)و (مەحوی)و (ئەدەب)و (زێوەر)و (بێخود)و (شاهۆ)و (ڕەمزی) . . . شیعریان لەسەر داناوە ، بەڵکو شاعیران‌و شیعر دۆستانی کورد ، ساڵەهای ساڵ پێش ئەوانیش ، لە ڕێی شیعرەکانی ((سەعدی)و (حافظ)ەوە ، ئەم کێشەیان بیستوەو گوێیان بە ئاهەنگی ڕاهاتووە . بۆ ڕاستی ئەم قسەیە ، با لە (جلوەی شانۆ)وە دەست پێبکەین :

لە جەرگی پەردەوە تك تك ، دڵۆپی عود ئەڕژا
بە نووکی تەئثیری
تەرەب ئەهاتە خرۆش ، تالعی سرور ئەپژا !
بە ئاهی دڵگیری[٣٣]

کە کەرت کردنی بەم جۆرەیە :

لە جەرگ‌ِ پەر	دەوە تك تك	دڵۆپ‌ِ عود	ئەڕژا
∪ — ∪ —	∪ ∪ — —	∪ — ∪ —	∪ ∪ —
مَفاعِلُنْ	فَعِلاتُنْ	مَفاعِلُنْ	فِعْلُنْ

بە نووك‌ِ تەئـ	ثیری
∪ — ∪ —	— —
مَفاعِلُنْ	فِعْلُنْ

تەرەب‌ِ ئەها	تەخرۆش تا	لعی سرور	ئەپژا[٣٤]
∪ — ∪ —	∪ ∪ — —	∪ — ∪ —	∪ ∪ —
مَفاعِلُنْ	فَعِلاتُنْ	مَفاعِلُنْ	فِعْلُنْ

بە ئاه‌ِ دڵ	گیری
∪ — ∪ —	— —
مَفاعِلُنْ	فِعْلُنْ

(گۆران)

وەکو ئەبینی لەسەر کێشی (موجتەسسی مەخبونی مەحذوفە) ، وە ئەگەر شتێکی تازەی لە رووی کێشەوە تیابێ ، ئەو دوو تەفعیلەیەیە کە لە دوای هەر دێڕێکەوە زیاد کراوەو پێی ئەوترێ (موستەزاد) . بەڵام وەکو ئەبینی ئەوانیش تازە نین ، چونکە دوو بارە کردنەوەی تەفعیلەی سێ‌یەمو چوارەمی کێشەکەن ، کە هەندێ جار ئەمی چوارەمیان ئەبێ بە : (فیعلون – –) .

هەرچۆن بێ ، ئەگەر چاو لە (جلۆوەی شانۆ) بپۆشین چونکە ئەو موستەزادەی تیادایە ، ئەی بۆ (ژیانی ئادەمزاد) ئەبێ چی بڵێین کە ئەوەشی تیانی‌یە ، بەڵکو (موجتەسسێکی – مەخبونی مەحذوف)ی رووتە ؟ . بۆ نمونە با بەیتی یەکەمی ئەویش کەرت بکەین :

بە ناو شەپۆلی خەما ، سەرنگوونو بێ ئارام ،
بە کێوی سەختی ژیانا ، بە پێ ، بە چنگە رنێ

کەرت کردنی بەم جۆرەیە :

بەناوشەپۆ	لِخەماسەر[٣٥]	نگونُبێ	ئارام
ᵕ – ᵕ –	ᵕ ᵕ – –	ᵕ – ᵕ –	– –
مفاعلن	فعلاتن	مفاعلن	فَعْلانْ
بەکێوسەخ	تژیانا	بەپێ‌بەچن	گەرنێ
ᵕ – ᵕ –	ᵕ ᵕ – –	ᵕ – ᵕ –	ᵕ ᵕ –
مفاعلن	فعلاتن	مفاعلن	فَعِلنْ

دوای ئەوەی کە بۆمان دەرکەوت هەر دوو شیعرەکە لەسەر هەمان کێشی (موجتەسسی مەخبونی مەحذوفن) کە کێشێکی عەرووزی‌یە ، ئەمجا دێمە سەر ساغ کردنەوەی ئەوە : کە ئەم کێشە لە زۆر کۆنەوە لە شیعری فارسی‌داو دواتر ، لە شیعری کوردی‌دا ، بەکار هێنراوە .

هەرچەندە ئەتوانم لە (سەعدی)و (حافظ)ەوە پیا بێم ، تا ئەگاتە شاعیرانی هاوچەرخی (شێخ نوری)و (گۆران) ، وە بۆ هەریەکێکیان نمونەیەك بێنمەوە . بەڵام کارێکی‌وا ، بروانا کەم شتێکی پێویست بێ ، جگە لەوەی کە باسەکەمان بە خۆرایی درێژ ئەکاتەوە بۆیە بە شیعرێکی (حافظ)و ، یەکێکی (بێخود) واز دێنم . لەبەرئەوەی یەکەمیان لە رێبازی کلاسیکی‌دا ، بە ناو بانگ‌ترین شاعیری فارسی زەمانەو دووەمیشیان : (بێخود) ، جگە لەوەی شاعیرێکی گەورەی ئەو رێبازەیە لەم چەرخی دواییەدا لە هەمان کاتدا ، هاوچەرخی (شێخ نوری)و (گۆران)یشەو بە تەمەن لە هەردووکیان گەورەترە .

١ – حافظ ئەڵێ :

شبی کەماه مراد از افق شود طالع
بود کە پر تو نوری بیام ما افتد[٣٦]

کە بەم جۆرە کەرت ئەکرێ :

شەبی‌کی‌ما	هیمورادەز	ئوفوق شەوەد	طالیع
ᵕ – ᵕ –	ᵕ ᵕ – –	ᵕ – ᵕ –	– –
بوە دکی پەڕ	تەوی نووری	بە بامی ما	ئوفتەد)
ᵕ – ᵕ –	ᵕ ᵕ – –	ᵕ – ᵕ –	– –
مفاعلن	فعلاتن	مفاعلن	فِعْلن

٢ – بێخود[٣٧] ئەڵێ :

کە لێوی گوڵ بە هەناسەم ئەگا ئەڵێ‌ی ئاخۆ
چ خونچەیێکە بە دەم بای صەباوە پێ ئەکەنێ

کە بەم جۆرە کەرت ئەکرێ :

کەلێوگِوڵ[٣٨]	بەهەناسەم	ئەگائەڵێ‌ی	ئاخۆ
ᵕ – ᵕ –	ᵕ ᵕ – –	ᵕ – ᵕ –	– –
مفاعلن	فعلاتن	مفاعلن	فِعْلن
چ خونچەیێ	کەبەدەم‌بای	صەباوەپێ	ئەکەنێ
ᵕ – ᵕ –	ᵕ ᵕ – –	ᵕ – ᵕ –	ᵕ ᵕ –
مفاعلن	فعلاتن	مفاعلن	فَعِلن

شایانی باسە ، کاك (بیمار) کاری راست بێ ، شیعرێکی (نالی)و یەکێکی (حاجی) بۆ کەرت کردوین وە (تەفعیلە)کانی

«شێخ نووری»

بەراستی نووسیوە[٣٩] ، بەڵام ئەوەندە هەیە ، ئەو بە (موضاریعی) زانیوە ، لە کاتێکدا کە هەردووکیان لەسەر هەمان کێشی (موجتەسسی مەخبونی مەحذوف)ن . جا لە دوای ئەم بەڵگانە ، بۆم هەیە بپرسم : کێشێك ئەوەندە کۆن بێ ، شاعیرانی وەکو (سەعدی)و (حافظ)و دوای ئەوان هی وەکو (نالی)و (حاجی)و (مەحوی) ، شیعریان پێ گوتبێ ، وە شاعیرانی هاوچەرخی وەکو (زێوەر)و (بێخود)و (ڕەمزی) . . . بەکاریان هێنابێ ، چۆن بەم کێشە ئەوترێ ، (گوێی پێ ڕانەهاتووە) ؟ یاخود بە واتایەکی کە : کەسێك شارەزای کێشی ئەم شیعرانەبێ ، چۆن ئەتوانی قسەی وابکا ؟ .

دوای ئەم ڕوون کردنەوەیە ، ئەمجا ئەگەر بمانەوێ – وەکو کاکەی فەللاح – باسی ئەو (ئاهەنگانە) بکەین ، کە گوێی پێ ڕانەهاتبوو لە شیعری دەستەی ناوبراودا : (دەستەی شێخ نوری‌و هاورێکانی) ، ئەبێ پەنجە بکێشین بۆ ئەو (تێهەڵکێشان)ەی تێکەڵاویان ئەکرد ، لە گەڵ کێشە (عەرووزی)یەکاندا ، کە چاکترین نموونەی ئەم جۆرە (ئاواتی دووری)ی (گۆران)ە :

ئەی چاو ! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەرێ پەرت ،
کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دولبەرت . . . ؟

کوانێ دوو چاوی مەست ؟ کوانێ ؟
کوانێ برۆی پەیوەست ؟ کوانێ ؟
کوانێ زوڵفی ڕەش ؟
کوڵمی ئاڵ‌و گەش ؟
کوا هەیکەلی جەمال ؟
کوا حوسنی بێ میثال[٤٠] ؟ . . . هتد

کە لە پێنج کۆیلەی وەکوو ئەوەی سەرەوە پێکهاتووە سەرەتای هەر کۆیلەیەك ، بە کێشێکی عەرووزی دەست پێ دەکاکە : (موضاریعی ئەخزەبی مەکفوفی مەحذوف)[٤١]ەو بە شەش دێرە شیعری بچووك دوایی دێ ، کە لە ڕووی کێشەوە شتێکی تازەن‌و هیچ پەیوەندییەکیان بە کێشی (موضاریع)ەوە نییە لەوانەیە یەکەم هەنگاو بێ بۆ تێکەڵ کردنی کێشی عەرووزو کێشی پەنجە ، یاخود هیچ نەبێ یەکێك بێ لە هەنگاوە سەرەتاییکانی ئەم بابەتە . لە گەڵ ئەوەشدا ، دەربارەی ئەمیش ناتوانین بڵێین : گوێی پێ ڕانەهاتووە بەڵکو ئەگەر بمانەوێ دەربڕینێکی پڕ بە پێستی ورد بەکار بێنین . ئەبێ بڵێین : هەرچەندە سەرەتای هەر کۆیلەیەك بە کێشێکی عەرووزی دامەزراوە ، بەڵام موتوربەکراوە بە چەند تێهەڵکێشێك یان دێرە شیعرێك کە لەوەپێش نەبیستراون ، یاخود گوێیان پێ ڕانەهاتووە .

پەراوێزو سەرچاوەکانی ئەم باسە

(١) بڕوانە گۆڤاری : (ڕۆشنبیری نوێ – ژمارە – ١١٠ – حوزەیرانی / ١٩٨٦ ل٧٨ – – ٨٤) .

(٢) خانمی دکتۆر (بهیجة الحسنی) دەڵێ : لە پەراوێزی (الارشاد الشافي)دا نوسراوە : (المسموع من المشايخ فتح الراء . . .) واتە : لە مامۆستایانی پیر «موتەقارەب» بیستراوە . نەك «موتەقاریب» . بڕوانە :
(القسطاس المستقيم في علم العروض – للزمخشري – الناشر – مكتبة الاندلس – بغداد – ١٩٦٩ – ل – ٢٢٢ – پەراوێزی ژمارە –١–) . کە خانمی ناوبراو ساغی کردووەتەوەو پەراوێزەکانی نوسیووە .

(٣ – ٤) (ڕۆشنبیری نوێ – هەمان ژمارەی پێشوو – ل ٧٨ – ستونی – ٢– خاڵی – ٢ – وە – ٤) . شایانی باسە من لەو دەراسەتەدا کە بە دەستمەوەیە دەربارەی عەرووز . ئەو نیشانەم بەکار هێناوە . بەڵام ئەو بڕگانەم بە درێژ داناوە . کە زۆر تر ئەکەونە کۆتایی دێرە شیعرەکانەوە . وەکو : (بار – زێڕ – کێو . . . هتد) وە ئەم نیشانەیەم : (٥) بۆ داناوە . لەبەر ئەوە ئەم نیشانەیە (–) کە (بیمار) بە درێژی دائەنێ . من بە بڕگەی ناوەڕاستی دائەنێم .

(٥) هەمان ژمارەی (ڕۆشنبیری نوێ – ل ٨٠ – خاڵی – ٣ – ل ٨١ – خاڵی – ٤) .

(٦) سەرچاوەی پێشوو – ل – ٨١ خاڵی – ٤ – ستونی (١)

(٧) سەرچاوەی پێشوو – ل – ٨١ – خاڵی – ٤ ستونی (١) .

(٨) سەرچاوەی پێشوو – هەمان لاپەڕە – خاڵی – ٤ ستونی (٢) .

(٩) سەرچاوەی پێشوو – ل – ٨١ خاڵی – ٤ – ستونی (١) .

(١٠) بڕوانە : شمس‌الدين الرازي المعجم في معايير اشعار العجم – تصحيح مدرس رضوي – چاپ افست رشديه – تهران – ١٣٣٨ ی‌خۆری – ل – ١٥٦ بحری مجتث) . کە لەمەودوا بە : (المعجم) هێمای بۆ ئەکەم .

(١١) بڕوانە : (د . خانلری – وزن شعر فارسی ١٣٤٥ –ی‌خۆری تهران – ل – ل ١٩٠–١٩١ دائرەی سێیەم – بحری شەشەم : المجتث المخبون) هەروا : (سەرچووەی پێشوو – المعجم هەمان لاپەڕە) .

(١٢) بڕوانه : (الصاحب بن عباد – الاقناع في العروض وتخريج القوافي تحقيق الشيخ محمد حسن ال ياسين – الطبعة الأولى – منشورات المكتبة العلمية – مطبعة المعارف بغداد ١٩٦٠ – ل – ٦٨–٦٩) .

(١٣) بڕوانه : (فرصت شيرازى – بحور الالحان – چاپخانەیارژنگ تهران ١٣٤٥ یخۆری – بحر مجتث مخبون – ل – ٥١) .

وام بەڕاستتر زانی کە شیعرەکە لە پێشا وەکو خۆی بنوسم . واته جۆری نوسینی دەستکاری نەکەم .

(١٤) مامۆستا (بهار) لە وتاری (ساغ کردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی)دا . هەرچەندە . لە شیعرێکی (حاجی)دا کە لەسەر ئەم کێشەیە . (تەفعیلە)ی یەکەم بە (مفاعیلن) ئەزانێ . بەلاّم بۆ خوێندنەوەی هەمان ڕێگە پێشنیار ئەکاو ناوی ئەنێ : (خوێندنەوەی شاعیرانە) . بڕوانه : گۆڤاری (بەیان – ژ – ١٢٠ – حوزەیرانی – ١٩٨٦ – ل – ١٩ – ستونی «٢») .

(١٥) بڕوانه : (وزن شعر فارسی – سەرچاوەی پێشووتر – ل – ٢٣٥ – بەحری شەشەم وەزنی – دووەم) .

(١٦) شایانی باسە لە عەرووزی فارسیدا کە (فاعلاتن) تووشی (حەذفو قەطع) بیّ پێی دەڵێن : (صەلم) . بڕوانه : (المعجم – ل –٥٣) . بەلاّم لەبەر ئەوەی (صەلم) لە شیعری عەرەبدا . مەعنایەکی کەی هەیە . بۆیە بەکارهێنانی (بەتر)م بە باشتر زانی . تا ئەوانەی شارەزای عەرووزی شیعری عەرەبین . سەریان لیّ تێك نەچیّ .

(١٧) شمس‌الدين محمد بن قيس الرازى « خاوەنی – المعجم – لە پێشترا باس‌کرا . بڕوانه پەراوێزی ژمارە (١٠) .

(١٨) وحیدی تەبریزی – رسالەی جمع مختصر – اکادمی علوم لە یەکێتی سۆڤیەت – کۆلێجی – خۆرهەلاّت ناسی – مۆسکۆ – ١٩٥٩ – بە کۆشش‌و تەقەلای – ئاندەر برتلیس – ل – ٨٢ – ٨٥) .

(١٩) د . پەرویز ناتل خانلەری – دانەری – وەزنی شیعری فارسی – لە پێشتردا باس‌کرا . بڕوانه : پەراوێزی ژمارە (١١) .

(٢٠) د . ابراهيم انيس نکوول لەوە دەکا کە (فاعلاتن) بەم جۆرە بنوسریّ : (فاع‌لاتن) . بڕوانه : (موسيقى الشعر – چاپی چوارەم – مكتبة الانجلو المصرية – المطبعة الفنية الحديثة – بالزيتون – ١٩٧٢ – ل – ٥٣) .

(٢١ ، ٢٢) بڕوانه : (حكمة فرج البدري – العروض في أوزان الشعر العربي وقوافيه – مطبعة دار البصرى – بغداد – ١٩٦٦ – ل – ٤١ – باسی : «الاجزاء الشعرية» لە گەلّ : «أجزاء الخليل . . .» .

(٢٣) بڕوانه : (ڕۆشنبیری نویّ – هەمان ژمارە – ل – ٧٩ – ستونی – ٢ – خالّی – ١) .

کاك (بهار) زاراوەی (مەکفوف) پێش (ئەخرەب) خستووە . کە ئەبوو (ئەخرەب) پێش بخستایە . چونکە لەم کێشەدا . تەفعیلەی یەکەم (ئەخرەب)ەو هی دووەم‌و سیّیەم (مەکفوف)ە .

(٢٤) بڕوانه : گۆڤاری (برایەتی – ١٠ – سالّی یەکەم – خولی دووەم – کانوونی دووەمی – ١٩٧١ – ل – ٩) هەروەها (پەراوێزەکانی ژمارە «١٨»و «١٩»و «٢٠»و «٢١»و «٢٥»ی لاپەڕە – ١٣ – و –١٤) . شایانی باسە من وتاری ناو براوم لەپێش سالّی (١٩٧٠)دا . بۆ پۆلی سیّیەمی ناوەندی نووسیبوو . بڕوانه : (زمان‌و ئەدەبی کوردی – چاپی یەکەم – ١٩٧٠ – ل – ٧٣ – ٨٠) بەلاّم کەدیم سەروگوێلاکی شکێنرابوو . لەبەر ئەوە ناچار بووم . دەقی وتارەکە لە برایەتیدا بلاّو بکەمەوە .

(٢٥) بڕوانه : (ژیان – ژمارە – ٣١ – ٢ – ی ئەیلوولی – ١٩٢٦ – سالّی یەکەم) .

هەروەها : (شێخ نوری شێخ صالح – د . کامل حسن البصیر – ل – ٣٩) .

(٢٦) هەمان ژمارەی (ڕۆشنبیری نویّ – ل – ٨٤ – کۆتایی ستونی (١) .

(٢٧) بڕوانه : پەراوێزی ژمارە (١٤)ی ئەم وتارە

(٢٨) (کاروانی شیعری نوێی کوردی – بەرگی یەکەم کاکەی فەللاح چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا – ١٩٧٨ – ل –٣٠) .

کە لەمەودوا بە (کاروانی شیعر) ناوی ئەبەم .

(٢٩) (سەرچاوەی پێشوو – ل – ٢٦ – ٢٩) .

(٣٠) (سەرچاوەی پێشوو – ل ٢٩–٣٠) .

(٣١) (سەرچاوەی پێشوو – ل /٣٠) . ئەمەی لێرەدا ئەینوسم خالّێکە لە وتارێك . لە کاتی خۆیدا . لە وەلاّمی (کاکەی فەللاح)دا نووسیبووم . ئەوانی کەی هەلّ ئەگرم بۆ دەرفەتێکی تر .

(٣٢) (موسيقى الشعر – ل – ٥٥)

(٣٣) (سەرجەمی بەرهەمی گۆران – بەرگی یەکەم – بە کۆششی : محمدی مەلاکریم بغداد – ١٩٨٠ – ل – ١١٠) . تەفعیلەی یەکەمی دێڕی یەکەم : (لە جەرگی پەڕ) ب – لە کێشی (هەزەج)دا . ئەبیّ بە (مفاعیلن) ب – – – . بەلاّم لێرەدا ئەبیّ بزوێنی (گ) کورت بکرێتەوە هەتا ئەبیّ بە : (لە – جەر – گ – پەڕ) – ب ب (م – فا ع لن) ب ب – . لەبەر ئەوە لە کەرت کردنیش‌دا بەو جۆرەم نووسیوە : (لە جەرگ پەڕ) . دیارە ئەمە پێش نیارێکە من پەیڕەوم کردووە بەلاّم مەرج نییە خوێندەواری خۆشەویست پەیڕەوی بکا .

(٣٤) کاك (بهار) موستەزادەکەی لیّدەرچیّ کەنەی کێشاوە باقی بەیتەکەی بە ڕاستی کێشاوە . بەلاّم ئەو بە (موضاریع)ی زانیوە . کە لە ڕاستیدا (موجتەسی مەخبونی مەحذوفە) . بڕوانه (ڕۆشنبیری – ژمارەی پێشوو – ل – ٨١ – ستونی – ١ و٢٥) .

(٣٥) تەفعیلەی دووەمی دێڕیی یەکەم : (لی‌خەماسەر) لە کێشی (ڕەمەل)دا ئەبیّ بە (فاعلاتن) . هەروەکو ئەتوانی لێرەش‌دا هەر بەو جۆرە بیکێشی کاك (بهار)یش . تەفعیلەی دووەمی بەیتێکی (حاجی قادر)ی بە (فاعلاتن) کێشاوە : (هەمان ژمارەی ڕۆشنبیری – ل – ٨١ – ستونی –١– پاشماوەی خالّی – ٣) ئەم تەفعیلەیە لە شیعری عەرەبدا . وەکو ئەوانی کە . هەمیشە لە گۆڕاندایە . بەلاّم بەلای منەوە لە شیعری کوردی‌و فارسیدا هەمیشە (مەخبون)ە . لەبەر ئەوە لێرەدا بزوێنی (لامە) کە (لی‌خەماسەر) کورت کراوەتەوە . بووە بە (ل خەماسەر = فعلاتن) . هەروەها تەفعیلەی دووەمی دێڕی دووەمیش (تی ژیانا = ت ژیانا = فعلاتن) .

(٣٦) بڕوانه : (دیوانی « خواجه شمس‌الدين محمد حافظ شیرازی – چاپی پێنجەم ١٣٤٣ – ی خۆری – مطبوعات – امیرکبیر – تهران – ل – ٩٢ .

وام بە باشتر زانی لە پێشا جۆری نووسینی دیوانەکە تێك نەدەم . هەولّمدا بەیتەکە لەسەر هەمان کێش بە شیعر بکەم بە کوردی . ئەمەی خوراەوەدەرچوو (جانازانم سەرکەوتوم یانا ؟) .

شەویّ کە مانگی مرواریّ لە دەم کەلیّ هەلات .
بلیّی کە پرتەوی شەوق لەبانی ئێمە بدات ؟

(٣٧) (دیوانی بێخود – بە کۆششی « محمدی مەلا کەریم – بەغدا – ١٩٧٠ – ل –١٢٤) .

(٣٨) تەفعیلەی یەکەم : (کە لێوی گولّ) لە دێڕی یەکەمدا . ئەگەر لە کێشی (هەزەج)دا بیّ یەکسانە بە (مفاعیلن) ب – – – . بەلاّم لەم کێشەدا . (واو)ی (لێو) بە بڕگەیەکی کورت حساب ئەکریّ هەتا ئەبیّ بە (مفاعلن) . بڕوانه : پەراوێزی ژمارە (٣٣) .

(٣٩) هەمان ژمارەی : (ڕۆشنبیری نویّ – ل – ٨١ ستونی «١» پاشماوەی خالّی «٣») .

(٤٠) (سەرجەمی بەرهەمی گۆران – ل – ١٣) . لە دیوانەکەدا هەلّوەری نووسراوە . لای من (هەلّوەریّ) ڕاستترە .

(٤١) بڕوانه : وتاری : (سیّ کێشی عەرووزی – بهار – ڕۆشنبیری نویّ – ل – ٨٠ – ستونی –١– ژمارەی پێشوو) ، هەروەها (کێش لە شیعری کوردیدا – گۆڤاری برایەتی – ژمارەی پێشوو – ل –٩– نووسینی : خاوەنی ئەم وتارە) .